# بۆ پارچەکانت مەگەڕێ لە ڕابردودا




ahmadali525@hotmail.com

ئەحمەد عەلی 7ئایاری2005

خەڵوەت بە دیار خەونەکانتەوە مەکێشە
کە ئێواران وەنەوزی بیر چوبێتەوە
مشتێ ماچ و عومرێک گوناهی تۆبەکار
خۆیان بە خەونت ناسپێرن ،
هیچ ڕێبوارێ
لەم تەمتومانی ئێوارە جەنجاڵەتا
ماڵی ئاسودەیی بۆ نادۆزرێتەوە
هیچ وەرزێ بەم ساڵانەت رازی نابێ
کە پرن لە وەرین و لە شەپۆل وخۆڵەمێش
خۆڵەمێشی ئەو ئاهانەت
لە دڵیشکاوتەوە بە قاساوەتی زەمەنت سپارد .....

گیرفانەکانت بۆ ئاسەواری ڕابردویەک مەپشکنە
کە ڕەنگیان لە گەڵ پرچتا سپی بوەتەوە
گۆری ئەو یادانە هەڵمەدەرەوە
ڕۆحیان تێکەڵی خاک بوە

ئۆهـ هاورێ
ئێوارانت لە سەر تەختەی نوستنەکەت جێ مەهێڵە
بۆ شەوێکی بێ نیهایەت ،

دەرگا لە تەنهایت دامەخە کە دۆستێک
لە بەر پەنجەرەوە چاوەڕێی هاتنت ئەکا ،
بە شکانت ڕامەچەڵەکێ وەختێ
ئاوێنەکان ڕەسمی ڕوخسارێکیان بە کامڵی بۆ ناکێشرێ ،
بۆ پارچەکانت مەگەڕێ کاتێ
ناو گوڵدان و پەنجەرەو قوژبنی ژورەکەت
مەیدانی جەنگێکە
پڕە لە پارچەی جێماوی ئەو دڵانەی
لە شەڕی عیشقێکا کەس فریای کۆکردنەوەیان نەکەوت
فورسەتی بەخشینیان بۆ نەمایەوە بە دۆست .....

باوێشکی شەو
دەلالەتی وەڕەس بونی ڕۆحێکە
لە عەزابی دڵی خەمباری تاریکی

گریانی تۆ ،گریانی کائینێکە
لە ڕابردویا جێ ماوە
گریانی لێوێکە سڵ لە پێکەنین ئەکاتەوە
خەمی پرشنگێکە شەوقی بە تاریکی ناگا
فرمێسکی تۆ
فرمێسکی ژنێکە دەرگا لە داهاتوو ناکاتەوە
چاوەڕێی نامەیەک نیە لە دورەوە
لێواو لێو لە ئومێد و لە هەواڵی گەڕانەوە
دڵی تۆ
دڵی بریندارى ژنێکە
بە گومانەوە لە هەناسەی وشەکان ئەڕوانێ .....

ئۆهـ دۆستێک لە وەهم
تارمایی خەیاڵێک دەستت ئەگرێ و ئەتبا
ئەتباو لە کونجە تاریکەکانی خۆتا جێت ئەهێڵێ
جێت ئەهێڵێ وەک مەملەکەتێکی چۆڵ
کە دەستی بە ئاوەدانی ناگاتەوە
ئەتباو لە تاریکیدا ئەو دڵە نابینی
بە ترسەوە لە هەنگاوەکانت ئەڕوانێ ،
تەفسیری ئەو حەرفە کاڵانە
مانایەک بە سبەینێ نادا
ئەو گوڵانەی کە ڕەشەبا وەراندنی
بۆنێک بەم باخچەیە نابەخشن
ئەو بارانەی
لە تێپەڕینی مەوسمەکاندا لە بیری ئاسمان چویەوە
ئیتر دەوایەک نیە بۆ برینی هیچ خاکێک
ئیدی فریای نزای گوڵە گەنمێ ناکەوێ .....

ببینە
لە چی کانیەک تینوێتی ژیانمان شکان
بە چی سەدایەکی دڵتەنگ
لە گریان ژیریان کردینەوە
وە بیری بێنەوە
پاسەوانی بەر دەرگاکانی حەوشەمان
دەرگاوانی ماڵەکانمان
چی دۆستێک بوون لە ترسێک لە دڵمانا
چی خەمێک بوون لە داهاتوو لە گیانمانا .....

ئۆهـ ئاشنا شیرینەکەم
کزەبای ساردی سەحەری خەیاڵاتت
چی بۆنی پایزێکی لێ دێ
چی ترسێک ئەخاتە دڵی ئەم گەڵا سەوزانە
ئەم خونچانەی چاوەڕانی مەوسمێکن
مەست بێ بە شەرابی باران و
ئاسودە بێ بە گەرمی خۆر

ئۆهـ دیدە گیان
وەهمێک شەوانە ئاوێزانی خەونەکانتەو
تۆش تەنها ترین ژنی دونیا
نوێنێک خاڵی لە گەرمی گیانێک و
تۆش
جەستەیەک زەلیل بە دەم شەپۆلی
خەیاڵێک لە چەشنی بـــا ...
من تەفسیری خەونێکت بۆ ناکەم لە ڕابردوو
من رەسمی داهاتویەکت بۆ ناکێشم لە سەراب
لە تۆ ئەدوێم
کە ڕۆحێکی ئەبەدیت بۆ دەریا
کە ڕەنگێکی قەشەنگی بۆ باخچە
کە
گیانێکی
ئارامی
بۆ
جەستەی
من